### ئەو ساتانای ناسڕێنەوە

# (رووەو چیا، بەرەو شۆڕش)
# (٦)

**ئەحمەد سالار**
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت



رۆژێکی خۆش بوو، ئاسمانێکی سامالی شینی پیرۆزەیی، بریسك و هووڕی شەونمی سەر گەڵا و گیاو گوڵ چاوانیان بە شەوارە ئەخست، شنە بایەکی بووژێنەرەوە، دۆڵی سەفرە و زەروون مان بڕی، زۆربەی بە سواری وڵاخەوە بووم، ئەو دەمە وێرانە رێگایەکی پڕ لە پێچاو پێچ و هەڵەتووت باراناوی بە خوڕ دڕاوی لەمبەر و ئەو بەری کردبوو، گەیشتینە پێدەشتێك و درەخت بەر سینەی چیای گەردنی کەشەکانی تەنی بوو، کە لێرەو و لەوێ تەلان و گردۆڵکەی سەوزو چڕ بە دار، هەر چەند هەنگاوێ کانی و کانیلە و زنە و زۆنگ بوو، حەیرانی ئەو بەهەشتە نوێیە بووم، پیرمێرد واتەنی:(ئاخی پێ دەبەن پەری ئاسمان).

لە کەسانی خۆمان ئاساییم پرسی: ئەرێ برالە ئەم شوێن و هەوارە چی پێ ئەڵێن، ناوی چییە؟

وەرام نەبوو خوا کردی قەتارچییەك بەرەو رووم هات: کاکۆ ماندوو نەبی، ئەرێ ئەم شوێنە کوێیە؟ بە خوا ئەگەر زەینم بە هەڵەیدا نەبردبم، وابزانم وتی: ئەمە دەشتێیە. ئیتر دڵم ئاوی خواردەوە و، وتیان با لێرە وچانێکی بۆ بدەین و کەمێك نان و پەنیرمان پێ بوو، ئیدی تێشووەکە کرایەوە، منیش بە دەرفەتم زانی چوومە سەر کانییەکی روون بۆ ئەمەشیان گۆران واتەنی:

(( کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو
لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو))

لە پاش کارەساتەکەی قەڵادزەوە پەرۆشی بینینی رووخسارم بووم، داخۆ چیم لێ هاتبێ؟ ئاوێنەم نەدیبوو، بیرم لە کوڕو کاڵانی گوندنشین ئەکردەوە، کە ئاوێنەیەکی بازنەیی خنجیلەیان لە تەختی گیرفانیان دەناو، جاروبار لە رووخساری خۆیان ئەڕوانی، بەتایبەت ئەگەر لە چاوەچاوی بینینی دولبەرەکانیاندا بووبن، هەرچۆن کیژانیش ئاوێنەیان لە گیرفانی سوخمە گوڵڕەنگەکانیان دەنا و کە دەچوونە سەر کانی ژنان شانە دارینەکە و ئاوێنە بێگەردەکەیان دەردەهێنا و پرچ و پەرچەم و ئەگریجەیان دادەهێنا...

گوتم: بەر لە ئاوێنەی شووشە کەرەسەی دیکە دروست دەکرا یان هەر نەبوایە ئاوی روون بۆ خۆی ئاوێنەیە، ئەی ئەوە (نەرسیس)ی یۆنانی کە شەیدای خۆی بوو، بووە نموونەی خودپەرستی، نەدەچوو بەرامبەر ئاو لە رووخسار و لەشولاری خۆی ئەڕوانی. ئەی باشە (پیرەمێرد) لە شیعرێکا ئەفەرمووێ:

((ئاوە جوانەکەی بۆن گوڵاوەکە
بۆ سەرچاوەکە کەمێك لاوەکە
توخوا بزانم جامی فۆتۆگراف
نیشانم نادات نازدارانی جاف))

کەواتە با ئاوەکە نەشڵەقێنم، لە رووخسارم روانی، خوێنی مەیبوو و سەرو گوێلاك ئاوسا و چاوی راستم گچکە بووەو .....

لەو ساتەوە گرتەیەکی فیلمی(ئیڤانی ترسناك)م بیر کەوتەوە کەبەری دە پازدە ساڵی لەوەو بەر دیبووم.

نیازم بوو بە قوڕەسووری کەنار کانییەکە لە بری سابوون بە یادی جاران دەموچاوم بشۆم، برادەرێك پارچە سابوونێکی (جەمال)ی لە گیرفانی جانتاکەی کۆڵی دەرهێنا و دایمێ،

دوو دەستی سابوونم لێدا، چونکە خوێنەکە وشك بوو بووەوە، بە ئاسانی لێی نەئەبوویەوە.

ئینجا چمکی جامانە چڵکنەکەم تەڕ کرد و کەوتمە لێکردنەوەی قەتماغەکان، لەو دەمەدا ئەوەم بیر کەوتەوە، کە کاتێ لە پۆلی دووەمی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان بووم، مامۆستای وانەی پۆشاك، هەر قوتابییەکی بۆ نووسینی راپۆرتێ راسپارد، بابەتی مێزەری خستە ئەستۆی من، پاش ئەوەی تکام لێ کرد ناوی چەند چاوگێکم بۆ دەستنیشان بکات، ئیدی لە ماوەی هەفتەیەکدا نوقمی جیهانی مێزەر بووم، ئەوە مێژووی رەنگەکان، سوودەکانی، جۆرەکانی، تەنانەت ئەو حەدیسانەی پێغەمبەر(د.خ) . لەو ساتەدا زانیم جامانەش هەرچۆن مێزەر، بۆ سەرماو گەرما و بەستنی زامو شکاویش و، بەکارهێنانی بۆخۆداپۆشینی سەرخەوشکاندن، گشت ئەو کاتەی جامانەکەم بۆ سەلما. پاش ئەوەی جوان ششتم و پاکژ بوویەوە، دام بەسەر دەوەنێکا و کاتێ کە هەستاین بکەوینەوە رێ کزر بووبوویەوە.

ئیدی رێگامان لە بەهەشتی شارباژێڕ لێ بووە گەشتێکی عەزرەتخوازانەی سەیرانی تامەزرۆ.

لە رێگا تووشی هەمەجۆر رێبوار بووین، هەندێکیان لە شارەوە هاتبوون، چ بۆ سۆراغی بۆم بۆردمانەکەی قەڵادزە، هەر کەسەو بۆ برا و کوڕ و کچ و کەسیان، بەتایبەتی کە لە قەڵادزە زانکۆی سلێمانی کرابوویەوە و ژمارەیەکی دیاری قوربانییەکان لەو قوتابیانە بوون، چەندین کەس لە سلێمانی هەواڵی هەمەجۆریان لە بارەی منەوە پێ گەیشتبوو، گوایە کوژراوم، بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر کۆمەڵە قسەیەکی تورە بوون بوو بە ناوی منەوە کرابوو، بە تایبەت هێرش بردنە سەر سۆڤیەت و مۆڤیەت. راستە بە چەکی سۆڤیەت لە ئێمە دەدرا، بەڵام خوا شایەت کە ئەپرژایە سەر نوکتە و وتاربێژیی و، هەتا چەند مانگێك کاریگەری دەنگی (ناپاڵم) لە گوێمدا هەر ئەزرنگایەوە.

هەندێك ناسیاومان بینی کە بۆ سبەینێ ئەگەڕانەوە ناو شار، ژمارەی تەلەفۆنی ماڵی خۆمانم دانێ، پێیان بڵێن سالار سەلامەتە و خەمیان نەبێ، بەڵام دایکم دڵی ئاوی نەخواردبوویەوە، شەو و رۆژ گریان و خەم، ئەگەر هەر شتێکی بینیبایە پەیوەندی بە منەوە بوایە، شیوەنی نوێ ئەبوویەوە، ناچار (نەوزادی خاڵە نوری بەگ)م هێنابووی بۆ لای من، دایکم کاکە نەوەی هێندەی من خۆش ئەویست. بە هەر حاڵێ بوو گەیشتینە(پێنجوین) کە بارەگای (لقی ٤)ی پارتی لێ بوو، هەروەها مەڵبەندی پارێزگای سلێمانی بوو، پاش دوو رۆژ سەردانی (لقی ٤)م کرد لە گوندی (هەرگینە)و حاڵ و حیسابەکەم بۆ گێڕانەوە، هەر هەموو ئەندامانی لق ئاشنا و نزیکم بوون، چ شەهید عەبدولی سۆران، مامۆستا مەحمود مەلا عیزەت، و د. کەمال خۆشناو و کاك فەرەج، کاك سمکۆ فەتحوڵڵا، ئاگاداریان کردمەوە کە کاك نوری وەشتی و هونەرمەندانمان لە گوندی (شاناخسێ) گیرساونەتەوە، هەستام بگەڕێمەوە پێنجوین، وتیان هەتا نانمان لەگەڵ نەخۆی نارۆیت.

هەر لەوێ شەهیدی نەمر مامۆستا(فەتاح ئاغا)م بینی و بە دەم نانخواردنەوە، کەوتینە دەمەتەقێی هونەری و زمانەوانی، لە دووتۆی ئەم وتووێژەدا مامۆستا(فەتاح ئاغا) فەرمووی:(ئەرێ بە لای تۆشەوە وشەی (کەڵ) ماقووڵ و رەوایە؟

: نەخێر لە جێگای خۆیدا نییە و(کەڵ) تایبەتی ئاژەڵە و بەتایبەتی لە هەندێ وەرزدا ئەڵێن (کەڵەگا) یان (مانگا بە کەڵ)، هەروەها (کەڵە باب، کەڵە شێر و کەڵە کێوی) ... هەندێ جاریش لە هەندێ ناوچە بۆ مرۆڤ بەکاردێت(کەڵەمێرد)، لەڕووی (نێرەکەری)یەوە بۆ مرۆڤیش بەکارهێنراوە، بەڵام باشە ئەو تایبەتییە ئاژەڵییە کە لە بنچینەدا چەمکی سێکسی هەیە چ پەیوەندی بە مرۆڤی جەربەزە و جوامێر و لێهاتووەوە هەیە؟! نەخێر وشە وەسپێکی جوان و شایستە نییە بۆ مرۆڤ.

: ئافەرین مامۆستا منیش هەمان ڕام هەیە.

بۆمبوردوان و وێرانکارییەکانی خاکی کوردستان خەست بوویەوە و گشت ناوچەکانی گرتەوە، تەنها ناوچە سنوورییە بە یەکەوەلکاوەکان نەبێ کە کاتی بۆ نەبوو بە شەو و رۆژ، بەڵام سات لە دوای سات ورەی خەڵکەکە بەهێزترو بەرزتر دەبوو، رۆژ بە رۆژ هۆ و رێگای خۆپاراستن لە دەست ئەو تاوانکارییە ئەبینرایەوە، خەڵکەکە پێی راهاتن و شارەزاییان پەیدا کرد، جگە لەوەی شۆڕش دەزگای هوشیارکردنەوە و داکۆکی شارستانیی بەهێزی هەبوو، بەراستی ئەو ماوەیە لە شاری (پێنجوین) هێندەی دۆست و برادەرم ئەبینی وام ئەزانی لە سلێمانیم.

هێندەی نەبرد برادەرانمان لە (شاناخسێ)وە گەیشتنەوە پێمان، لەگەڵ ئەو چەند برادەرە پەرەوازەکانمان ئێمەش پێشوازیمان لێکردن بە گۆرانییەکی (ئیبراهیم فەتاحی): تۆز ئەکا تۆز ئەکا لە شاناخسێ تۆز ئەکا، یارم ئەچێ بۆ حەمام خەڵکم لێ ئاڵۆز ئەکا، جەحێڵان ئاڵۆز ئەکا)، وای لێهات هەمووان ئەیانوتەوە، حەز ئەکەم لە بارەی ئەو گۆرانی و گۆرانیبێژەوە بڵێم:(فەتاحی) هونەرمەندێکی رەسەن و مەزنەو ئەو گۆرانییەشی هەتا بڵێی خۆشەو هەرگیز لە زەینا ناسڕێتەوەو نەمرە.

ئەوەی لەم رۆژانەدا، بووبووە خەم و خولیا و مەراقی سەرەکیم و بیرو هۆشی تەنیبووم تەنها ئەو پرسیارە بوو: چۆن بتوانم و بە چ شێوازێ هونەر و قەڵەمی خۆم بخەمە خزمەتی شۆڕشی چارەنووسسازی گەلەکەم و چۆن چۆنی هاوتایی لە نێوانی پاراستنی پەیام و بایەخەکانی هونەری ئەفراندن و ئەرکی شۆرشگێڕی بگونجێنم؟

ئێمە بە گیان قەرداری شۆڕشین، چونکە شۆڕش ئێمەی خستۆتە سەر راستە رێی شەقامی ژیانی راستەقینە، نایشارمەوە لەگەڵ ئەو پەرۆشییەدا، (سێرغی ئینۆنشتاین)ی مەزنە هونەرمەندی سۆڤیەت و رابەری سینەمای شۆرشگێڕی، کە بە تفەنگ و کامێرە لە چەق و گەرمەی شۆڕش دا بووە، کاتێ لە خودی خۆی ئەپرسێ: ( شۆڕش چی پێ بەخشیم؟ شۆڕش مەزنترین شتی بوونمی پێ بەخشیم، زریانە بەهێزەکانی شۆڕش کردمیە هونەرمەند و بتوانم ئازاد بم لە بڕیاری چارەی خۆنووسین دا، ئەو مافەی کە سەربەستی بە رەوای گەلان ئەبینی....)).

راستە گەر لە شاردا ئەرکی هوشیار کردنەوەو ورە بەرزکردنەوە و بە هێز کردنی ئەو هەستەی مرۆڤ بە سەروەری ئەتهێڵێتەوە بۆچاککردن و جوانکردنی ژیان، ئەوە لە گەرمەی شۆڕشدا بەو ئەرکانەشەوە کۆمەڵە ئەرکێکی نوێی لە ئەستۆ ئەنرێ، هونەرێك زەبری لە زەبری هەموو چەکێك بەهێزتربێ.

**چەندین کەس لە سلێمانی هەواڵی هەمەجۆریان لە بارەی منەوە پێ گەیشتبوو، گوایە کوژراوم، بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر کۆمەڵە قسەیەکی تورە بوون بوو بە ناوی منەوە کرابوو، بە تایبەت هێرش بردنە سەر سۆڤیەت و مۆڤیەت**

**لە پاش کارەساتەکەی قەڵادزەوە پەرۆشی بینینی رووخسارم بووم، داخۆ چیم لێ هاتبێ؟ ئاوێنەم نەدیبوو، بیرم لە کورو کاڵانی گوندنشین ئەکردەوە، کە ئاوێنەیەکی بازنەیی خنجیلەیان لە تەختی گیرفانیان دەناو، جاروبار لە رووخساری خۆیان ئەڕوانی، بەتایبەت ئەگەر لە چاوەچاوی بینینی دولبەرەکانیاندا بوون**

یەحیا نەقاش:

# پیشانگەیەکی کەرەستە گرانبەهاکان دەکەمەوە کە تا ئێستا لە کوردستان نەکراوەتەوە



زۆر لــە بەهرەمەند و داهێنــەران هەن کە کاری نایاب و ناوازە ئەنجام دەدەن، ئەگەرچی ئەو کارەش لە پیشەی خۆیشیان نزیك نەبێت، یەحیا نەقاش ئەو لاوە کوردەی شــاری هەولێرە کە بەهرەی نەخشاندن و هەڵکۆڵیــن و دروستکردنی مەدالیای هەیە، ئێســتاش بەنیازە کارێك بە ناوی کوردستان لە زێڕ درووست بکات و خۆی ئامادە دەکات بۆ کردنەوەی پیشانگەیەکی تایبەتیی کارەکانی خۆی، بۆیە بە پێویســتمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ئەنجام بدەین.



*کەی و چۆن دەستت بە کاری نەخشەسازی و نەقاشی کرد؟

- لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٣ تامەزرۆی کاری خۆشنووسی و نەخشەسازی بووم لە لای مامۆستای ناوداری خۆشنووسی نەجات ئەنوەر لە هەولێر دەستم بەکاری خۆشنووسی کرد، بەڵام کاری نەقاشی و کارکردن لە بواری زێڕ و زیو لەلای برای ئازیزم کاك سەعدوڵلا فێربووم و لە ناو بواری زێڕینگریدا کاری نەقش و کاری هونەریم هەڵبژارد، لەبەرئەوەی لە بواری هونەری خۆشنووسی و نەخشەسازیی خۆم زۆر نزیك بوو و توانیم پەرە بەم لایەنە بدەم.

* نەخشاندنی زێڕ و زیو چ پەیوەندییەکی بە بە خۆشنووسییەوە هەیە؟

- لەبەرئەوەی لە ناو کار و پیشەی زێڕینگری بواری نەخشە و دیزاینی جۆراوجۆری تێدا هەیە، توانیم هەردوو لایەن کە هونەری خۆشنووسی و کاری زێڕینگرییە بە یەکەوە ببەستمەوە و تێیدا داهێنان بکەم و بیکەم بە پیشەی سەرەکیی خۆم، لەناو بواری کار و پیشەی زێڕینگری ئەم دوولایەنە تەواوکەری یەکترن کە خەڵکانێکی زۆر تامەزرۆی کاری دەستین.

* زیاتر کاری زیو، یان زێڕ دەکەی ؟

-زیاتریان کاری زێڕ، چونکە من پیشەی سەرەکیم زێڕینگرییە.

* ئەی کریستاڵ؟

- کریستاڵ کار و پیشەی ئێمە نییە، چونکە خەڵکانی ئیمە زۆر حەزیان بە کریستاڵ و بەردی بەنرخ نییە لە ناو کاری زێڕدا، لە بەرئەوەی ئەم کریستاڵانە کە ئێمەی زێڕینگر پێی دەڵێین (زرکۆن) بە زێڕ دەنرخێت و لە کاتی فرۆشتنی زێڕ لەلایەن خەڵکانێك ئەم بەرد و کریستاڵانەی لێ دەردەهێندرێت.

* زانیومانە بەنیازیت کارێك درووست بکەیت کە بە ناوی کوردستان، وردەکاری ئەو کارەت چییە؟

-بەڵێ پرۆژەیەکم لەبەردەستە ئەویش دروستکردنی نووسینێکە لەسەر شێوەی بەریکەر کە وشەی پیرۆزی کوردستانە، ئەگەر لایەنی بەرپرس بوار بدەن لە شوێنێکی ناو جەرگەی هەولێر دابنرێت و بە شانازییەوە هەموو رۆژێك ئەم وشە پیرۆزەی کوردستان لە بەردەم خەڵك بەرجەستە بکرێت، هیوادارم ببێتە رەمزی میللەتی کورد هەروەکو میللەتانی جیهان.

* ئایا بە نیاز نیت پیشانگەیەك بۆ کارەکانت بکەیتەوە؟

- بەڵێ بە نیازم پیشانگەیەك بۆ کارەکانم بکەمەوە و تێیدا چەند تابلۆیەك نمایش دەکرێت کە بە کانزا و ماددەی گرانبەها درووستکراوە، لە ساڵی ٢٠١١ ـەوە خەریکی خۆ ئامادەکردنم بۆ پیشانگەکە، پێموایە تا ئێستا پیشانگەی لەم جۆرە لە کوردستان نەکراوەتەوە.